# لەبەر رۆشنایی رێنومایییەکانی شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمال تاهیردا

بۆ یەکەمجار مامۆستای ئەندازیارو تێکۆشەر لە بواری ڕێکخستندا,مامۆستا جەمال تاهیر-م لە ناوەڕاستی ساڵی 1971 دا ناسی, لەکاتێکدا بوو کە ئێمە وەك رێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی ئەوسا واتە (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان) کە یەکیان گرتەوە, لەگەڵ ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

لەئیش‌و کارەکانی ڕێکخستندا لەوسەردەمەدا وەك پێویست نەچووم بەپیر یەکگرتنەوەکەمان‌و بەتەما نەبووم ئیش بکەم لەوکاتەدا دیاربوو شەهیدی نەمر ئاگادار کرابوو لە نەچوونم بە پیر ئەو یەکگرتنەوەمان و ئیش نەکردنم لە گەڵیاندا.

بۆ ئەومەبەستە, رۆژێکیان شەهیدی نەمر ناردی بەدوامداو منیش سەردانیم کرد لە لقی (4)ی ئەوسای پارتی دیموکراتی کوردستان, لەدەوروبەری سەعات (4-5)ی ئێوارە بوو, وتی بابڕۆین پیاسەیەك بکەین رۆیشتین بەدەم قسەکردن‌و پیاسەکردنەوە تا گەیشتینە شوێنی مەحکەمەی ئێستا پێی وتم کە هەوڵ بدەم ئیلتیزامی باشم هەبێت بە ڕێکخستنەوە ئیش‌و کارەکان بەباشی جێبەجێبکەم.

وتی تۆ ئەبێت بڕوات بەخەبات‌و تێکۆشان هەبێت‌و هەوڵی خۆ رۆشنبیرکردن‌و خۆپەروەردە کردن بدەیت‌و چونکە بارودۆخ رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو گۆڕان دەڕوات‌و هەرواش نامێنێتەوە هەر کارێکیش یان گیروگرفتێکت هەبوو, سەرم لێبدە من هاوکاریت دەکەم. چونکە تۆ خەڵك دەتناسێت‌و خۆشیان دەوێیت, منیش بەڵێنم پێدا کە ئەرکەکانی سەرشانم بەباشی ئەنجامبدەم, ئینجا پەیوەندیم کرد بەبەڕێز (کاك حەمە چاوشین)لێپرسراومان بوو لەئیش‌و کارەکانی رێکخستندا.

بۆجاری دووەم کە بەدیداری شادبوومەوە لەساڵی (1977), لەگەڵ شەهیدی نەمر دکتۆر خەسرەو هاتن بۆلام لە قاعەکانی مەخزەنی زراعە لەبەکرەجۆ داوایان لێکردم کە ئێوارەکەی سەعات (5) لەماڵی (دکتۆر خەسرەو خاڵ) دانیشین دوای رۆیشتنیان, منیش لەکاتی دیاریکراودا چووم بۆ ماڵی دکتۆر و لەوێ دوای وتوویێژێکی بەسوود, وتی ئێمە وای بەباش دەزانین تۆ بڕۆیتە دەرەوە, بەسیفەتی کادرو بۆ بەری قەرەداغ یان ناوچەی بازیان دوای وەرگرتنی ڕێنمایی تەواو کە بۆت دەنێرین, چونکە وا ئەخوازین کە چەند ئینسانێکی خاوەن ئەزموون‌و شارەزا بنێرینە دەرەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ گوندەکاندا, سەبارەت بە شێوازی نوێ و سەردەم, تاکو بتوانین کارئاسانی بۆ مەفرەزەکانمان خۆش بکەین, منیش بەڵێنم داو وتم ئامادەم, بەڵام ئەبێت ئاگاتان لە ماڵ‌و منداڵەکانم بێت‌و لەبەکرەجۆ بیانگوێزنەوە بۆ سلێمانی, بەڵام هەردوای (15-20) رۆژ بە دکتۆر خەسرەودا وەڵامی بۆ ناردم ئاگاداریکردمەوە کە جارێ بۆ ناوەوە پێوویستمان پێی ئەبێت با بمێنێتەوە لەبەرئەوەی زیاتر بۆتە جێگەی بڕوامان.

ئیتر منیش بەردەوام کارو ئەرکەکانی ڕێکخستنم لە ڕێگەی شەهیدی نەمر دکتۆر خەسرەوەوە, جێبەجێدەکرد لەگەڵ هەڤاڵەکانی ترماندا, پێش گرتنی شەهیدی نەمر مامۆستا جەمال تاهیر و لەجاری دووەمیدا, بۆ جاری سێیەم لەگەڵ شەهیدانی نەمر (دکتۆر خەسرەو خاڵ و کاك جەباری حاجی رەشید) لەماڵی شەهید جەبار لەگەڵم دانیشت‌و وتی هاوڕێیان من ئیشێکم بەتەنها لەگەڵ کاك عەلی هەیە, یارمەتیمان ئەدەن شەهید جەباری حاجی رەشید دووقاوەی بۆ دانایین‌و وتی ئێمە ئەچینە ئەودیوو لەگەڵ دکتۆر خەسرەو کە ئەوان رۆیشتنە ژووری

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ئەودیوو, لیستێکی پێبوو لە شێوەی خشتەیەکدا, وتی کاك عەلی ئێمە زۆر بڕوامان بەتۆ هەیە, جێگەی شك نیت لەلایەن خەڵکەوە لە فەرمانگەیتو پەیوەندی فراوانت هەیە بەتایبەت بە جووتیارو خاوەنی پرۆژەئاژەڵیو پەلەوەرییەکانەوە, ماڵیشت لەبەکرەجۆیە وەکو پەناگەیش ئەتوانین, هەندێ چەكو تەقەمەنیت لەلا دابنێین, سێ مەفرەزەی ناوشاریشت ئەدەینێ, یەکێکیان بەرپرسی کارگەی دارتاشی پارێزگای سلێمانی بەو دووەمیان لەگەڕەکی سابونکەران دوکانێکی بلیاردەکەیەو سێیەمیان لەگەڕەکی حاجی ئاوایە. ماڵەکەت نیشان ئەدەیت, بەڵام ئەبێ ئەم ڕێنماییانەی کە ئەتدەمێ بەو شێوەیە جێبەجێیان بکەی هەریەکەو یەك کەس ئەناسێ واتە مەبەستی پێشمەرگەکان بێت نابێ سێهەم یەکەمو دووەم بناسێ, لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیشتاندا واتە (عەمەلیات) نابێ لەکەسی یەکەم زیاتر تۆش بناسن  لەدوای جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان, ئەبێ زوو رووداوەکە وەربگرینو وەك خۆی بەدڵنیاییەوە لە ئەنجامدانی کارەکە بیگەیەنیتە ئەوکەسەی کە بەرپرست ئەبێ, لەمرۆشەوە لای ڕێکخستنەکان کە پەیوەندییان پێتەوە ئەبێ, بلێ من خاوەنی ماڵو منداڵم رێکخستن ناتوانم ئەنجام بدەم, ئێوە کەیفی خۆتانە, وتم ئەبێ چۆن ئەو ڕێکخستنانە پەیوەندیی بکەن بە هاوڕێیەکی ترەوە بۆ ئەوەی دانەبڕێن, وتی ئێمە هەیکەلی ڕێکخستنەکانی لای تۆمان لا هەیەو خۆمان کەسێك رووبەڕووی ئەمکارە دەکەینەوە, واش بەوان ڕادەگەیەنین کە باس لە تۆ بکەن بۆ ئەوەی جێگەی گومان نەبیتو بتوانیت کارەکانت سەرکەوتووانە ئەنجام بدەیت, وتم باشە دوای هەفتەیەك لەگەڵ دکتۆر خەسرەو هاتن بۆ ماڵەوە ڕێنمایییەکی (10) پەڕەیی بۆ هێنام وچواردەخۆرێك و سێهێدەکیشی دامێ, وتی تا نەتبینمەوە هیچ ناکەیت تەنها ئەم ڕێنماییانە ئەخوێنیتەوەو بەتەواوی را دێیت.

دوای چەند رۆژێك دکتۆر خەسرەو هات بۆ لام لە دائیرەی زراعەی ئەوسا کە ئێستا نەخۆشخانەی منداڵانە, لە دائیرەکەی ئێمە کات سێی پاش نیوەڕۆ بوو هاتە ژوورەکەی خۆم, وتی مامۆستا جەمال ئەیەوێت ئەم ئێوارەیە لەماڵی ئێمە بتبینێ سەعات (6) هەرخۆی بەتەنهایە من لەماڵ نابم لەکاتی دیاریکراودا چووم بۆ ماڵی دکتۆر خەسرەو لەوێ مامۆستا جەمالم بینی. یەکەم کەس ئەو برادەرەی کارگەی دارتاشی پارێزگای پێناساندم بەهەندێ بەڵگەو ناونیشان کە چۆن پەیوەندی پێوە بکەم.

منیش دوو رۆژ دوای ئەو دانیشتنە, رۆیشتم بۆ کارگەی ناوبراو ئەوبرادەرە کەناوی کاك سالارە حەزئەکەم هەر ئەوەندە ناوی بهێنم, بردم بۆ پیاسەکردن تا سابوونکەران.

رۆیشتین لەیەك تێگەیشتین و بەرنامەی باشمان دانا بۆ داهاتوومان کەچی پێش ئەوەی ئێمە دەست بەکاربین مامۆستا جەمال لەگەڵ دکتۆر خەسرەو هاتنەوە بۆ لام, دوای چەند رۆژێك وتی کاك عەلی ئێمە هیوای تەمەن درێژیت بۆ ئەخوازین ئەوکارەش لەتۆ وەردەگرینەوە لەبەرئەوەی ڕێکخستنەکانی کەبەتۆوەن فەرشی و فراوانن و بەربڵاون ئێمە ئەوەمان لامەبەستە ڕێکخستنەکانمان دانەبڕێن.

ئەبێ لەڕێی دکتۆرەوە پەیوەندیی بکەینەوە بەبرادەرانەوە, ڕێکخستنەکانی لای خۆت باش ڕێکبخەیتەوەو هەڵیانسوڕێنیت, ئێمەش متمانەت بۆ پەیدا دەکەینەوە کە ئەوە کارێکمان پێسپاردبوویت. چونکە ڕێکخستنەکانی لای تۆ, سێ شانە لەشارۆچکەی بەکرەجۆ, یەك شانە لە گەڕەکی ئەلبانو گوندی کۆستەی چەم, چوارشانە لە ناوشاری سلێمانی, دووشانە لەسیوەیل بەتایبەتی خەڵکی گوندی نۆرك, دووشانە لەگوندی زرگوێزی گەورە یەك شانە لەدائیرەی زراعە, جگە لەچەند پەیوەندیەکی تاك بەخۆتەوە, ئەمانە هەڵسوڕاندنو کاری جدییان پێویستە, ئیتر ئەو کارەشی لێ وەرگرتمەوە ئەو ڕێکخستنانەی لەڕێگەی هاوڕێیانەوە رووبەڕووی من کردەوەو نامەیەکی سوپاسنامەی بۆ نووسیمو منیش لەگەڵ هاوڕێیانی خۆم دەستم بەکارکردن کردەوە هەتا لە بەرواری

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

(1990/1/24)دا لەلایــەن مدیریــەتی ئــەمنی ســلێمانیەیەوە دەزگــیر کــراین, لەگــەڵ هاوڕێکــانم لــە ڕێکخــراوی سلێمانیدا.

عەلی ساڵح سلێمان

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com